ئێران هەڕەشەی دەرکردنی پشکنەرانی ئاژانسی ئەتۆم دەکات

عەلی شەمخانی، راوێژکاری ڕێبەری باڵای ئێران ڕایگەیاند، ئەگەر هێرشی سەربازی بکرێتە سەر وڵاتەکەی، ڕێکاری بڕپڕچدانەوە دەگرنە بەر، لەوانە دەرکردنی پشکنەرانی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم و ڕاگرتنی هەماهەنگییەکان لەگەڵ ئاژانسەکە.

شەمخانی لە تۆیی ئێکس نووسیویەتی: "بەردەوامیی هەڕەشە دەرکییەکان و دانانی ئێران لە ژێر هەڕەشەی هێرشی سەربازیدا، دەکرێت ببێتە هۆی گرتنەبەری ڕەوشێن و ڕەگریکردنی وەکو دەرکردنی پشکنەرانی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆم و ڕاگرتنی هەماهەنگییەکان لەگەڵ ئاژانسەکە".

ئاماژەی بەوەشکرد، ڕەنگە گواستنەوەی ماددە پێتەندراوەکان بە "شوێنە سەلامەت و ڕانەگەیەندراوەکان" لە ئێران ببێتە بەشێک بێت لە پلانەکانیان.

ئەم گوتانەی ڕاوێژکارەکەی خامنەیی دوای ئەوە هات، دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا هەڕەشەی کرد و گوتی "ئەگەر تاران ڕەکەوتنی ئەتۆمی قبوڵ نەکات، بژاردەی سەربازی دەگرنەبەر و ئیسرائیل

سەرکایەتیی هەرشە سەربازییەکانی سەر ئێران دەکات".

هاوکات بەیارە رۆژی شەممەی داهاتوو، دیپلۆماتکارانی ئێران و ئەمریکا سەردانی عومان بکەن، بە دەستپێکردنی دانوستانەکان سەبارەت بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران، لە کاتێکدا ئەمریکا پێداگری لەسەر ئەوە دەکات، کە دانوستانەکان لەگەڵ تاران راستەوخۆ دەبن و ئێرانیش جەخت لەوە دەکاتەوە دانوستانی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا دەکەن.